**بۆ هاورییانی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە**

**وینە بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵە**

لە گەڵ ڕێز و سڵاو

هاورییانی بەرێز!

بە پێـی ئەو هەواڵ و زانیاریـانە پێمـان گەیشـتووە، پـرۆژەی یەکگـرتنەوەی کـۆمەڵەی شۆڕشـگێری زەحمەتکێشـانی کوردستانی ئیران لە گەڵ کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بنبەست گەیشتووە و شکسـتی هێنـاوە. هەر چەنـد بۆ ئیمە، بە زۆر هۆ، ئەمە سەرئەنجامێکی چاوەڕوان کراو بوو بەڵام بە داخەوەین بۆ بێ هیواکردنی ئەو تـۆزە هیـوایە کە لە دڵی زۆر کەس دا گەشابوەوە. هەر وەها جی رەخنە و داخەلە پێناو هێندیک بەرژەوەندی لە رادە بەدر چکـۆلە و بەر تەسکی شەخسی دا، ئەو پرسە گرینگ و پێویستە، بەم شێوەیە پوچەڵ دەکرێتەوە و دەبێتە قوربانی.

پرسی یەکگـرتنەوەی کـۆمەڵە بەلامـانەوە گـرینگە، نەک هەر بە تەنیـا لە بەر ئەوەی بریـاری کـۆنگرەی کـۆمەڵەیە و کەس ناتوانی و نابی ئاوا بە هاسانی بیکاتە گەمە ، بەڵکو لەوە زیـاتر بەم هـۆیەوە گـرینگە کە دەیتـوانی و دەتـوانێ رێگاچارەیەک بێت بۆ دەرباز بوون لەم قەیرانەی کە بەرببنـی گرتـووین و هەمـوو کـۆمەڵەی تێـوەگلاوە. لەم نـامەیەدا ئێمە تێدەکۆشین روانگە و بۆچوون و هەروەها پێشنیازی خۆمان بخەینە بەر دیدی هاوڕێیانی حیزبی.

١- نزیکەی ساڵێک بە سەر کـۆنگرەی ١٤هەمـی کـۆمەڵەی شۆڕشـگێڕدا تێپەردەبێـت. لەم کـۆنگرەیەدا **تەنیا** بریـار و پەسندکراویک کە جیگای رێز و جیگای هیوای ئەندامان، چالاکان و دڵسۆزانی کۆمەڵە بوو پەسند کردنـی بڕیارنـامەی پرسی یەکگرتنەوە لە گەڵ هاوڕێیـانی کـۆمەڵەی زەحمەتکیشـانی کوردسـتان بـوو. ئەم بڕیارنامـە زیـاتر لە ٩٠ لە ١٠٠ دەنگی بەشداربووانی کۆنگرەی هێناوە و کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێـردراوی کـۆنگرەی ١٤هەمـی مـولزەم کـرد بەوەی ئەم بریـارە جـێبەجـێ بکـات و بە سـەرئەنجامی بگەیەنـێ . ئیسـتا و دوای نزیـک سـاڵێک دەبینـین ڕێـبەری کـۆمەڵەی شۆڕشگیری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران نەیتوانیوە ئەو ئەرکەی پێی سپێردرا بوو بەرەو ئاکامێکی گونجاو بەرێ و بە داخەوە ئەم پرۆژە گرینگە شکستی هێناوە.

بۆ زۆرێک لە ئەندامان و کادرەکانی کۆمەڵە، جیدی بوونی رێبەری کۆمەڵە لە سەر پرسی یەکگرتنەوە و هەنگـاو نـان بەرو پیکهێنانی کۆمەڵەیەکی بە هێز و بە توانا و یەکگرتوو هەر لە بیدایەتەوە جێگای شک و گومان بـوو، چـونکە لە گەڵ کردەوە و پلانەکانی ئەم ڕێبەریە بە تایبەت لە بواری تەشـکیلاتیەوە نەدەهـاتەوە و نەدەگونجـا . ئێسـتا و دوای تێپەربوونی ساڵێک بە سەر کۆنگرەی ١٤هەم بەداخەوە دەردەکەوێ کە ئەو نیگەرانیانە لە خۆڕا و بێدەلیل نەبوون.

٢- ڕێبەری کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا کە پرۆسەی دیالۆگ لە سەر پرسی یەکگرتنەوە لە ئارا دا بوو، جگە لە چەند کورتە ئیشارە ئەویش بە شێوەیەکی لێڵ و ناڕۆشن لە یەک دوو کۆبوونەوەی لێرەولەوێ، لە باسکردن لە سەر پرسی یەکگرتنەوە لە ناو تەشکیلات دا خۆی پاراست. بەشێکی زۆر لە کادر و ئەندامانی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات ئیستاش لە ڕێبەری ئەم حیزبەیان نەبیستووە کە چۆن بەرو پیری پرسی یەکگرتنەوە دەچێ و چ نەخشە ڕێگایەکی بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم پرۆسەیە هەیە. ڕاستە ڕێبەری کۆمەڵە ئەم شێوە ڕەفتارەی لە هەموو بووارێک دا لە گەڵ تەشکیلات هەیە و ئەوەی کە بە لایەوە بایەخی نیە نەزەر و بۆ چوونی ئەندامان و تودەی تەشکیلاتیە، بەڵام لە حاند لە ئەم مەسەلەدا فاکتەرێکی گرینگتر هۆکاری ئەم بێ خەبەر ڕاگرتنەی تەشکیلات بووە: ڕێبەری کۆمەڵە هرگیز نەیویست ئەو هیمایە لە نیو تەشکیلات دا دروست بکات کە پرسی یەکگرتنەوە لە گەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشان خاڵێکی پر ئەهمیەتە، هرگیز نەیویست ئەو تەسەورە لە زەین و بیری خەڵک دا دروست بیت کە دل بەوە خۆش بکەن و لە دواڕۆژ دا ببنە فشارێک بۆ سەر ڕێبەری. ڕیبەری کۆمەڵە سوور دەیزانی ئەم دانووستانە بەرەو کوێ دەبا و ئاکامەکەی دەبێتە چی هەر بۆیەش لە نیو تەشکیلات دا لەسەری بێدەنگ بوو و سکووتی کرد. تەبلیغاتی روو لە دەرەوەش بە نیسبەت ئەم مەسەلە پاساوێک بوو بۆ دواڕۆژ.

٣- ئەو سەنەدەی بە ناوی 'نەخشە ڕێگا'وە ئامادە کراوە، ڕاست بە پێچەوانەی بریاری کۆنگرەی ١٤ی کۆمەڵەیە لە سەر پرسی یەکگرتنەوە. کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆی نیە و ناتوانی بریارەکانی کۆنگرە بە دڵخوازی خۆی بگۆڕێ. ئەم جۆرە هەڵسوکەوت کردن لە گەڵ حیزب و تەشکیلات بە پێچەوانەی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەیە. لەکومیتەی ناوەندی چاوەروان ئەکرێ پارێزەرێ سەرەکی پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بێت و ئەمە وەک ئەرکی ڕێبەری کۆمەڵە دەژمێردرێ. ڕێبەری کۆمەڵە دەبێ بۆ تەشکیلاتی روون کاتەوە بۆ ئاوا هەڵسوکەوت لە گەڵ بریاری کۆنگرە دەکا.

٤- ئەو سەنەدەی کە بە ناوی 'نەخشە ڕیگا' وە لە لایەن ڕێبەی کۆمەڵەوە تەنزیم و پێشکەش کراوە ، نەخشەیەک نیە بۆ ئەوەی بووار بدا کە دوو لایەنی هاوکێشە لە سەری گوفتوگۆ بکەن و سەرئەنجام لە کەش و هەوایەکی دۆستانە دا بریار بدەن کە دەتوانن پێکەوە کار بکەن. ئەوە سەندی تەسلیم بوونەوەی لایەنێکە بە لایەنێک! سەرفەنەزەر لە هەموو ئەو بە خۆدا هەڵکوتنە بێ پایە و بێ بنەمایەی کە لە پێشەکی سەندی 'نەخشەڕیگا' دا هاتوە، کێ هەیە لە دنیادا کە حازر بێت ئەو هەموو حەقارەتە و ئەو هەموو سووکایەتیە قەبول بکات؟ نوسەری ئەم سەنەدە دەزانێ چی نوسێوە و دەزانێ بۆچی ئاوا نوسیویەتی. دەزانێ دڵی تەرەفی موقابلیان دێشێنێ، دەزانێ ئەم شێوەیە لە موديريەت بۆ پرسی یەککگرتنەوە دەبێتە شکست پێدان و کۆتایی هێنان بە پرۆسەی یەککگرتنەوە. بەڵام دیارە بە لایەوە موهیم نیە، چونکی هەر لە بنەرەتەوە نە باوەری بە یەککگرتنەوە بووە و نە پیی وایە شکستی ئەم پرۆسە زیانێک تووشی کۆمەڵە دەکا. لە تایخ دا و لە کێشەی بەینی دوو لایەن دا رووی داوە و بووە کە لایەنیک تەسلیمی

لایەنێکی تر بێت. وەکو چۆن لە شەری ئینگلیس و ئارژانتین لە سەر فولکلاند روویدا، وەک چۆن لە شەری کەنداو دا هاتە پێش. بەڵام ئەوە تەنیا کاتێک مسۆگەر دەبێت کە لە مەیدانی عەمل و دنیای واقیع دا دەست باڵا بوونی یەکێک لە تەرەفەکان ئەم لاو و ئەولای لە سەر نەبێ ئەگینا بە فیشاڵ کردن نابێ، ئە وەختە دەبێتە مەزحەکە، دەبێتە نومایشێکی کۆمودی!

٥- گریمان ئەو بەخۆهەڵکوتنەی لە سەر وەزعی کۆمەڵەی شۆرشگێر کە لە پێشەکی سەنەدی 'نەخشەرێگا' دا هاتووە هەمووی راستە و ئەگەر و ئەمای لە سەر نیە، ئەی ئەم پیلانگێری و پاشقول گرتنە لە پای چی؟ کام ئەخلاق و فەرهەنگ و عەقڵییەتی سیاسی ئەوە دەسەلمێنێ و بە رەوای دەزانێ کە لە میانەی گوفتوگۆ کردن لە گەڵ لایەنێک، کە بە هیوای سبەی رۆژ کاری هاوبەشی لە گەڵ بکەی، دەستبەدەییتە بنکۆڵ کردنی؟ موهیم نیە ئەوان چ کێشەیەکیان بووە لە بەینی خۆیان دا، موهیم نیە هەق بە کامیانە و کامیان ناهەقن. ئیمە بۆ دەبێ بە کەوچکێک ئاو بکەوینە مەلە؟ فارس کوتەنێ: "در دیزی بازه حیای گربه کجا رفته؟" ئەوان هەر کێشەیەکیان بێت بۆ ئێمە فەرعە چونکی قەرار وابوو لە گەڵ ئەوان وەک تەرەفی گوفتوگۆ دانوستان بکەین بۆ ئەوەی خاتمە بەم وەزعەی ٢ کۆمەڵە و ٢ ئۆردوگا بێنین. ئایا ئەگەر وامان هەڵسوکەوت بکردایە کە کێشەکەیان هێور بکەیینەوە و هێندێک برینیان سارێژ بکەین و لە نهایەت دا هەر لە گەڵ هەموویان رێککەوتباێن بۆ کۆمەڵە باشتر نەبوو و خەڵک باشەیان نە دەکوتین؟ چۆن دەبێ چاوەروان بین ئەوان باوەرمان پێ بکەن و بە دڵ گەرمیەوە گوفتوگۆمان لە گەڵدا بکەن؟ ئایا پێتان وانیە دوای ئەو کارەساتە و دوای دیتنی ئەو 'نەخشەرێگا'یە هەست بکەن بێ حورمەتیان پێکراوە؟ هەر گۆنە یەکگرتنەوەیەک لەم چەشنە نە بایەخی هەیە و نە دەتوانێ بەردەوام بێت. هەر لە رووی عورف و ئەخلاقێشەوە ئاوا سووکایەتی کردن بە خەڵک تەنانەت ئەگەر دوژمنیش بێت ناپەسەندە بە پێی ویژدانی بەشەری وەک کردەوەیەکی دزێو ناوی لێ دەبردرێ. بۆ پیتان وایە ئەو کەسانەی لە لای ئەوانەوە گەراونەتەوە لامان لە داهاتوودا باوەر بە قەول و بەڵێنمان دەکەن و دڵیان لێمان پاک دەبێتەوە؟ هاورێیان ئەو کارەی کردتان بە لێوەشاوەیی سیاسی بۆتان نانووسرێ.

٦- ئێمەش بەو جۆرە بیر دەکەینەوە کە لە بەندی ٣ی سەنەدی 'نەخشەریگا'دا نوسراوە: "یەکگرتنەوەی کۆمەڵە ویستی بەردەوامی لایەنگران، دۆستان، دڵسۆزان"ی کۆمەڵەیە"... لە کوردستان. ئێمەش پێمان وایە کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو" پێویستیەکی سیاسی ئەم سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستانە"... ئێمەش پێمان وایە "کۆمەڵەیەکی یەکگرتووی خاوەن رێبازی دروست... گەورەترین دیاریە کە رێبوارانی ئەم رێبازە دەتوانن بە کۆمەڵگای کوردستانی ببەخشن."... ئیمەش پێمان وایە "خۆ دزینەوە لە یەکگرتنەوە لە ژێر هەر ناویک و بە هەر بیانوویەک، نابەرپرسانە و نا بەجێیە." هەموو ئەو حوکمانەی لەم بەندەدا هاتووە راست و رەوا و لە جێگای خۆیانن. بەڵام بەم 'نەخشە رێگا'

یەی پێشکەشتان کردوە و بەدەست خستنە ناو کێشە ناوخۆییەکانی ئەوان، هەر هەموو ئەو حوکمانە دژی خۆتان دەگەڕێتەوە. ئێمە لە سەر ئەوەی کە یەکگرتنەوەی کۆمەڵە بۆ بناغەدانانی حیزبێکی بە هێز و بەتوانا "پێویستیەکی سیاسی ئەم سەردەمەی کوردستانە" باوەری پتەومان هەیە و لە سەری ساغین و لە سەری دەڕۆین.

٧- لە کەس شاراوە نیە کە هەموو ئەو ناوچەی لە جوغرافیای سیاسی دا بە رۆژهەڵاتی ناوەراست ناسراوە گیرۆدەی قەیرانێکی سیاسی – کۆمەڵایەتی گەورەیە. ئێران و کوردستان کە پێگەی سیاسی ئێمەی لێیە و شوێنی چالاکی و ریکخستن و هەڵسووڕانی ئێمەیە لە ناو جەرگەی ئەم قەیرانە سیاسیە گەورەدا هەڵکەوتوە. جگە لەو کێشە و ململانێیە کۆن و چارەسەر نەکراوانەی کە تاریخ، رواڵەت و نیزامی سیاسی ئەم ناوچەی پێدەناسرێتەوە، ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دیکەین کە هەموو ناوچەکەی توشی ئالۆزی و نا ئارامی کردووە. سەرهەڵدان و پەرەسەندنی "داعش" تەنیا نموونەیەکە لەو ئالۆزیەی بەربینی بەم ناوچە گرتوە.

هەر تێکۆشەرێکی سیاسی و هەر مرۆڤێک کە هەست بە بەرپرسیاریەتی ئینسانی و سیاسی بکات ناتوانی لە حانای ئەم بارودۆخەدا بێدەنگ و بێ کردار بیت، ئێمەش وەک ئەندامان و چالاکانی حیزبێکی سیاسی بێگومان ئارەزوومەندی ئەوەین هەم خۆمان و هەم حیزبەکەمان بەشێک بین لە چارەسەری ئەو کێشانەی روو دەکەنە کوردستان. بۆ هەر هەڵسووڕاو و چالاکێکی سیاسی و حیزبی چی هەیە لەوە ناخۆشتر کاتێک دەبینێ ناوچەکەی، شوێنی هەڵسوڕان و چالاکی حیزبەکەی رووبەرووی قەیران و ئاڵ و گۆڕی گەورە بۆتەوە بەڵام حیزبەکەی ئەو دەستەوەستان و بێ دەسەڵات کەوتۆتەوە و لە مێدیاگشتیەکان و لە شاشەی تلەویزیونەکانەوە بەردەوام ئەروانێ بزانێ خەڵکانی تر چی ئەکەن! ئەم داخ ومەراقە زیاتر وقورستر ئەبێت کاتێک کە بزانێ رێبەریی حیزبەکەی هیچ بەرنامە و پلانێکی دارژاوی نیە بۆ ئەوەی چۆن لە گەڵ پرسە سیاسیە گرینگەکانی بەردەمی خۆی رووبەروو بێتەوە.

٨- کەس چاوەڕیی ئەوە نیە ئێمە لە شەڕی "داعش" دا بەشداری بکەین. بەڵام دوور لە واقیع بینیە ئەگەر پێمان وابێ ئێمە و خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات تووشی "داعش"ی خۆمان نابین. نیگەرانی ئێمە لەو راستیەوە سەرچاوە دەگرێ کە ریبەرایەتی حیزبەکەی ئێمە لە حاستی خۆی چەقیوە. خەمی گەورەی ئەوەیە کە چۆن هەموو کادر و تێکۆشەری دێرینی کۆمەڵە دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی کەس نەمێنێ رەخنە و هەڵەکانیان بخاتە بەرچاویان. ئەم رێبەریە یان پیی وایە ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەوروبەرمانی تەنیوەتەوە بە ئێمە مەربوت نیە و روو ناکاتە ئێمە، یان تەسلیمی ئەم سەرنەویشتەی ئیستای خۆی بووە و دەستی لە هەموو شتیک داشتوە و رێگایەک بۆ دەرباز بوون لەم دەستەوەستانی و کەنەفتیە بەدی ناکات.

رژیمی نەکبەتی کۆماری ئیسلامی ئیران لە سەروو هەموو ئەو درەندەخوویی و زەبروزەنگەی کە بە سەر ئیران و کوردستان دا دای سەپاندووە بێ شەرم و شکۆ و بێ نیگەرانی خەریکە ئاوری شەری کۆنەپەرستانەی شیعە و سوننی ساز دەکا و هەموومان دەزانین لەم لاشەوە لە کوردستان جەماعەتی سەلەفی و توندرەوی سوننی دەتوانن ریگا خۆشکەری کارەساتێکی ئاوا لە کوردستان بن. کۆمەڵە کە زەمانێک وەک پشت و پەنای خەڵکی چەوساوە و زوڵم لێکراو چاوی لێدەکرا و سەنگەری قایم و لە گرتن نەهاتووی خەڵکی کوردستان بوو بۆ دیفاع لە ئازادی و بەرپەرچ دانەوەی هەرچەشنە دواکەوتوویی و کۆنەپەرستیەک، ئیستا و لەم مەیدانە هەرە گرینگەی خەبات دا نەک هیچ هێوایەک نابەخشێ بەڵکوو بۆخۆی پەککەوتە و داماوە و دەبێ خەڵکی تر چاوی لێی بێت و بیپارێزێ!

٩- هاورێیان! هەموو نیشانەکان و پێوەرەکان بە دەنگی بڵێند و بە هاوار پیمان دەڵێن کە حیزبەکەی ئێمە نا تەندروست و نەخۆشە. تەشکیلاتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات لێواولێو بووە لە ناڕەزایەتی و بێ ئومێدە لەوەی ئاڵ و گۆڕێکی بنەرەتی و چارەساز بە سەر ساختار و چالاکیەکانیدا بیت. تەشکیلاتی کوردستان و ئۆردوگای کۆمەڵە وێرانتر لە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتە و هیچ ئاسەوارێکی جیدی حەیاتی سیاسی پێوە دیاری نادا. ناتەبایی، دڵکرمۆڵی و نادڵنیا بوون لە داهاتو چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئەمنییەوە بۆتە مەشغەڵەی سەرەکی هەر تاکێکی ناو ئۆردوگا و کش و ماتییەکی ترسناک بە سەر هەموو ئۆردوگا دا زاڵ بووە. هەموومان بە باشی ئاگادارین وەزعی تەشکیلاتی نهێنی کۆمەڵە لە دوو بەشەکەی تری جیاواز نیە. لە پاڵ ئەوانەشدا دابەش کردنی تەشکیلات بە "خودی" و "غیری خودی" لە لایەن رێبەری کۆمەڵەوە، تەبعیز و نەبیستنی دەنگی سکاڵای ریزەکانی کۆمەڵە لە لایەن رێبەریەکەیەوە هیوای هەر گونە چارەسەریەکی بنەرەتیی لە دڵی هەموان دا کوشتووە. حیزبەکەمان لە خەڵک و لە کۆمەلگاکەی رۆژ بە ڕۆژ دوورتر دەکەوێتەوە تەریکتر دەبێتەوە، رێبەرایەتی حیزب بە تایبەت روخسارە رووبە دەرەوەکانی لە ناو خەڵکی دەرەوەی خۆمان دا بە ئیحترامەوە و بە جۆرەی شیاوی ڕێبەری کۆمەڵەیە باسیان لێ ناکرێ. رۆژ لە گەڵ رۆژ لە ژمارەی دۆستان و دڵسۆزانی کۆمەڵە کەم دەبێتەوە. دۆستانی پێشووی کۆمەڵە یان دەبن بە نەیارمان و یان لە باشترین حاڵەت دا نیسبەت بە سەرنەوشتی ئێمە بێ تەفاوەت و بێ دەربەست دەبن.

١٠- هاورێیان! ئەم وەزعە دەبێ بگۆڕدرێ، دەبێ ئەم وەزعە بگۆڕین. ئەوە چارەنووسی نەگۆڕی کۆمەڵە و یان دەستی تەقدیر نیە کە کۆمەڵەی بەم رۆژە گەیاندووە. حاسڵی کار و کردەوەی خۆمانە و هەر خۆشمان دەتوانین چارەسەری بکەین. پاش تێپەربوونی ساڵێک بە سەر کۆنگرەی ١٤ دەبێ بۆ هەموان دەرکەوتبێ کە حیزبی "تۆکمە" و پتەو لە پێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسی دا نەک هەر دەستەبەر نابێ بەڵکوو ئەم شێوەکار و بیر و بۆچوونە هیچ ئاسەوارێک لە حیزبیەت ناهێڵێتەوە، ئەوە هەمان بەڵایە کە ئیستا بە سەر حیزبەکەی ئێمە هاتووە. بۆ پێک هێنانی یەکرێزی لە نیو کۆمەڵەدا ڕێبەری حیزبی ئێمە نەک هەر توانای مودیریەتی کێشە ناوخۆیەکانی نەبوو بەڵکوو

پروسەی یەکگرتنەوە لە گەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی بە شکست کێشا و کردیە گەمەیەکی شەخسی ناشیرین کە قەول وبەڵێنی کۆمەڵەی لە بەر چاوی هەمووان لە ئێعتیبار خست. شەرتی یەکەمی زاڵ بوون بە سەر ئەم وەزعەدا هەنگاوی بویرانە هەڵگرتنە بۆ کۆتایی هینان بەم دووبەرەکایەتیە کە هەموو کۆمەڵەی داگرتووە. ئەوەی ئیستا کۆمەڵە نیازی پێیەتی و ریگا خۆشکەرە بۆ بناغەدانانی حیزبێکی بە توانا و پتەو، وەگەر خستنی هەموو توانای ئینسانی و ئیمکاناتی بالقوەی کۆمەڵەیە. ئێمە خۆمان بە ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە دەزانین و بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی بە توانا، یەکگرتوو، خۆشەویست لە ناو خەڵک و کۆمەڵگا و بازیگەریکی جیدی سیاسی لە کوردستان، هەموو توانای خۆمان دەخەینەگەر. ئێمە لە دارشتنی سیاستی ئیستای حیزب و بەرێوەبردنی حیزب رەسمەن هیچ دەور و نەخشێکمان نیە. بەڵام ئەوە رێگا لە ئێمە ناگرێ کە لەو پەری هەست بە بەرپرسیارییەتی و بە پەرۆش بونمان بۆ کۆمەڵە ئەوەی لە دەستمان دێ بە ئەنجامی نە گەیەنین. لە حاست وەزعی ئیستا و چارەنووسی داهاتووی کۆمەڵەدا هەست بە مەسئولیەت دەکەین و بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەرگۆنە گوفتوگۆیەک ئامادەین. ئەم خاڵانەش وەک مەوزوعی گوفتوگۆ پێشنیاز دەکەین:

الف- وەگەر خستنەوەی گوفتوگۆ لە گەڵ هاورێیانی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان بە مەبەستی بە سەرئەنجام گەیاندنی پرۆژەی یەکگرتنەوە. پێشنیازمان ئەوەیە وەڤدێکی تازە بۆ ئەم گوفتوگۆیانە لە لایەن حیزبی ئێمەوە دیاری بکری کە شاملی ئەندامێکی کومیتەی ناوەندی بێت بۆ سەرپەرستی کردنی وەڤدەکە و ٣ کەسی تر لە دەرەوەی کومیتەی ناوەندی و لە نێو ئەو کەسانە دا دیاری بکرین کە باوەریان بە قەراری کۆنگرەی ١٤ ی کۆمەڵە لە سەر پرسی یەکگرتنەوە هەیە. ئێمە بۆ بەشداری لەم وەڤدەدا ئامادەگی خۆمان دەر دەبرین. ئێمە لە سەر ئێدامەی ئەم گوفتوگۆیە پێداگری دەکەین و خومان بە بەرپرس دەزانین لە حانای درێژە پێدان و بە ئاکام گەیاندنی بە شیوەیەکی مەسئولانە و لە جیهەت بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵە و بزوتەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئیران. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بەڵێنمان ئەوەیە لە هیچ تێکۆشانێک درێغی نەکەین.

ب- ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی فوق العادە لە کۆتایی ئەمساڵ یان سەرەتاکانی ساڵی تازەی زایینی دا، لەم کۆنگرەدا جگە لە کاری رووتین کە لە هەر کۆنگرەیەکی کۆمەڵە دا باوە، پیشنیهادمان ئەوەیە کە پێرەوی ناوخۆ (ئەساسنامە) وەک خالێکی ئەجیندای کۆنگرە دیاری بکرێت. ئێمە سەندی پێویست بۆ ئەم بەشە پێشکەش دەکەین.